

ئازاد جندیانی

# سمایل بەگ

کە لەعلیخان مرد، ژووره تایبەتیەکەی سمایل بەگ و کتێبخانەکەی بە شـێوەیەکی ناشایستە پەرش‌و بلاوکران، کە پڕبوون لە کتێبی دانسقەی ئەو کاتەو خواش ئەزانێ چ بەڵگەو دیکۆمێنتێك لەو بێســەرووبەرییەدا بزربوون کە رەنگە وەڵامی زۆر پرسیاری ئەوسایان بدابایەوە. بیرمە لەو کتێبانە ســێ چوارێك بۆ باوکم نێردران و هێندەی بیرم بێت چاپێکی دیوانەکەی حاجی قادری کۆیی بوو . ئەوسا زۆر لام گرنگ نەبوو چونکە سمایل بەگم نەئەناسی، هێندە نەبێ کە خاڵوانی مامــەکانم بوو ، بەڵام دواتر کە گەورەبــووم و زانیم کە سمایل بەگ ئەندامی پەرلەمانی عیراق بــووەو لە رێی نووســینێکی دکتۆر کەمال مەزەرەوە زانیم کە یەکــەم کەس بووە لە پەرلەمانی عیراقدا مەســەلەی کوردی ورووژاندووە جۆرێك لە خۆشەویســتیم بۆی لا دروست بوو ، لەوەش پتر دوای ئەوەی کە کتێبەکەی هامڵتۆنیشم خوێندەوە کە ئەندازیاری رێگەی نێودەوڵەتی هەولێر بۆحاجــی ئۆمــەران و ئێران بوو، بە ناوی ( رێگایەك لە کوردســتان) کە تیایدا چاوپێکەوتنێکی لەگــەڵ سمایل بــەگ تیابوو ئــەو خۆشەویســتیەم بۆی زۆرتر بــوو ، وەك چۆن خەفەتیشــم لا زۆرتربــوو کە ئەو پیاوە بە توانایە زوو و لەســەر هیچ لەدەســتچوو . ئەو چاوپێکەوتنە کە تەوەرەکانی سیاســی بوون زۆر ســەرنج راکێشە، چونکە شــارەزایی و بە توانایی و لێوەشاوەیی سیاســیی ئەو کەســایەتیە بەروونی دەرئەخا و بە تایبەت ئەو رۆحە کوردپەروەرانەیەی کە لە وەڵامەکانیدا بە روونی بەدی ئەکرا . چەند ســاڵێك لەمەوبەر داوام لە مامۆستا فەیزوڵلا برایم خان کرد چاوپێکەوتنەکە بکاتە کوردی بۆ ئەوەی هەمووان وەکو من سمایل بەگ باشــتر بناسن و لەرێی ئەویشــەوە پێگەی رواندز لە ژیانی سیاســیی کوردستان باشتر روون بێتەوە ، کە رەنگە هەبوونی چاپخانەی حوزنی موکریانی و مامۆســتا فواد رەشــید کە خەڵکی سلێمانی بوو لە پاڵ هەبوونی کەســایەتییێکی سیاســیی وەك سمایل بەگ بووبنەتە هەوێــنی ئەوەی کە رواندز دوای ئەوانیش کۆمەڵێك تێکۆشــەری سیاســیی وەك باوکم و عەلی مەکتەبەو جەلال بەگی دەرگەڵەو مستەفای حاجی رەزاق و وسوارئاغا و فەتاح تۆفیق تا ئەگاتە نەوەکانی دواتر پێبگەیەنێ .

ئەو باسەم بۆ ئەوەنەبوو کە بەتەنیا باسی سمایل بەگ بکەم وئاماژە بەچەند ناوێکی تر بدەم کە بێگومان پترن لەو ناوانە، بەقەد ئەوەی بۆ ئەوەم بوو کە سەرنجی پسپۆران بۆ ئەوە رابکێشم کــە کۆمەڵگای رواندز ( گەربکرێ ئەو دەســتەواژەیە بەکاربێنین) پێشــینەیەکی پرشــنگداری هەبووە لە بواری سیاسیدا کە پێویستیی بە توێژینەوەی وردو زانستیانە هەیە تا درێژبوونەوەی ئەو دیاردەیەو کەم وکورییەکانی ئێســتای لەوبارەوە روونتر ببێتەوە و بە هۆشیەوە ئەوە روون ببێتــەوە کە بۆچی رواندز دیاردەی بزاوتی سیاســیی تیابووە ، کە بێگومان بەو رێگەیەشــەوە ئەتوانین ئەو مەسەلەیە بەوەش ببەستینەوە کە ئایا پایتەختبوونی رواندز بۆ ئەمارەتی سۆران چ رەنگدانەوەیەکی بەســەر ئێستای بارودۆخی رواندزو قەڵەمڕەوی ئەمارەتەکەدا جێهێشتووە؟ ئەو ئەمارەتەی کە لە وەختی خۆیدا کاریگەری زۆری هەبووە بەسەر باری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕووناکبــیری و هیــتری ناوچەکەو کوردســتان و گۆڕەپانێك بووە لــە گۆڕەپانەکانی ململانێی ئەمارەتــەکان و دەوڵەتەکانی ناوچەکەو دنیا کە مەبەســتم دەوڵەتی ســەفەوی و عوسمانلی و تزاریی رووسیایە.

رواندز زۆری لەســەر نووســراوە و وتراوە ، بەڵام هێشــتا هەموو رایەڵەکانی ئەو باسانەی کە ئەبێ لەسەری بنووسرێن بەپێی میتۆدێکی زانستی پێکەوە گرێ نەدراون تا ئێستای پێ پێناسە بکەینەوە .